# هونەری گوێگرتن لای ئەریك فرۆم
# (1900ـ 1980)

محمود منقذ الهاشمي
و. ئاوات محەمەد



## دوگماتیزمو ڕێژەگەری دیالۆگ دوور دەخەنەوە

ڕەخنەگری ڕووسی میخائیل باختین لەکتێبێکی سەبارەت بەدۆستیۆڤسکی، باس لەپرسی دیالۆك بەشێوەیەکی زۆر گرنگ دەکات، ئەویش بریتیە لەدورخستنەوەی دۆگماتیزمو ڕێژەگەری لەهەموو دیالۆگێکی ڕاستەقینە، کەدۆگماتیزم وای لێدەکات ناسوودمەند بێتو دۆگماتیزم دەیکاتە مەسەلەیەکی مەحاڵ.

ئەم بیرکردنەوەیە لەسەر ئەوە دەمانوەستێنێت، کەبەگرنگیەوە تەماشای دایالۆگ بەشێوەی لێتوێژینەوەو وەرگێڕان بکەین، لەبەرئەوەی تەنها بەدرککردنی مەترسینی دۆگماتیزم لەسەر دایالۆگ نەوەستاوە، وەك بەشێوەی نەریتی ئەنجام دەدرێت، بەڵکو ڕوو لەمەترسیەکی تر دەکات، کەلە ڕێژەگەری لەو خراپتر نەبێت، بەڵکو پەنا بۆ مەترسیەکی تر دەبات،کەهیچ لەوکەمتر نییە، ئەویش ڕێژەگەرییە، دەتوانین بڵێین ڕێژەگەری ڕەتکردنەوەیەکی هەموگشتگیرەکانە، یان وەك تۆدۆرۆف دەڵێت: (لای ئەو هەموو شتێك ڕێژەییە، تەنها مەزهەبی ڕێژەگەری نەبێت، کەگشتگیرە، بەلاَم گشتگیری لەیاسا گشتییەکاندا، خۆی حەشار داوە، کەبەشکردنی هاوبەشە، لەناو بوونی واقعی بابەتی، لەهەمانکاتدا ئەقلانیەت باوەڕی وایە،کەدەتوانین لەهەقیقەت نزیك ببینەوە، کەتوانای تێڕوانین ڕۆشنترو گشتگیرتر دەکات، هەروەها پلە بەپلە بەدیقەتری دەکات، ڕێژەگەری بڕوای بەهیچ هەقیقەتێك نییە، یەکێك لەڕێژەگەرەکان، کەبریتیە لەرۆمانووسو سیاسی فەرەنسی مۆریس باریس Maurice Barres (1862ــــ 1923) ئەسۆپاکی دریفۆسی لەساڵی 1906 وەرگرت، لەو داوا بەناوبانگەی کەپاڵپشتی ڕێژەگەری کرد، کەدەڵێت:" دریفۆس لەماوەی ئەم دوانزە ساڵەدا، خائین بووە، ئەویش لەبواری ئەو هەقیقەتە دادوەرییەی(...)، لەماوەی بیستو چوار کاتژمێردا، لەبواری هەقیقەتێکی دادوەری نوێوە، ئەو بێتاوانە، ئەمە وانەیەکی مەزنە بەڕێزان، ناڵێم وانەیەك لەگومانکاری، بەڵکو لەڕێژەگەری، وانەیەك وادەکات، خەیاڵمان هێمن بکەینەوە، ئەمە وادەکات مەسەلەی تاوانبارکردنی داریفۆس، یان بێتاوانکردنی مەسەلەیەکی نیسبی بێت، هیچ بوارێك بۆ زانینی هەقیقەت نییە، هەرچەندێکیش مادەکانی سەلماندنو ڕەتکردنەوە بخوێنینەوە، لەبەرئەوەی لەڕاستیدا هەقیەت ئامادەیی نییە.

ڕێژەگەری جۆرێکە لەپڕگیری لەرێژەی ڕەتکردنەوەی هەموو گشتگیری، هەروەها لەوانەیە ڕەتکردنەوەی ڕێژەگەریانە، یان فەرامۆشکردنی بانگەوازی گشتگیری بکات، هەردووکیان، گشتگیری بەرو دۆگماتیزم هەنگاو دەنێت، ڕێژەگەریش بەرەو نێگەتیفیو هەلپەرستی، کەلێرەدا فکر پاشەکشە دەکاتو دایالۆگ نامێنێت، تێڕوانینەکان



فرۆم

تەواو دروست نابن، مەگەر لەناو درکی تایبەتو گشتیدا نەبێت، گشتگیرو ڕێژەیی، کەبنەمای سەرکی بۆ دایالۆگ، بریتیە لەو بنەما هاوبەشەی نێوانیان، وەك تۆدۆرۆف دەڵێت:" گشتگیر ئاسۆی لێکتێگەیشتنە ، ئەوە گشتگیریە سەرکەوتنی زانستی پێوە بەندە، لەبەرئەوە ئەبێت بونیادی ئەو فکرانە بنێت، کەلەگۆشەنیگای تەسك ڕزگاری دەکات، کەسستەمی مەعریفیو فکری دادەمەزرێنێت، سەنتەری دەبێتە بمرۆکردنی مرۆڤ، فرانسوا جۆست واوەسفی ئەدەبی بەراوردکاری دەکات، دەڵێت:" ئەو زانستی ژینگەییە لەسەر مەزهەبی مرۆیی، تێڕوانینێکی گشتگیری ناوەکییە بۆ جیهان".

باختین بەخۆی کەوتووتە ناو ڕێژەگەرییەوە، ئەویش لەناو هەمان کتێب کەلەرێژەگەراو دۆگماتیزم ئاگادارمان دەکاتەوە، باس لەوە دەکات ڕۆمانی دایۆلۆگی لەسەر دوو ڕەهەند دامەزراوە: یان ئەوەتا بیرکردنەوەکان وەك ناوەڕۆك وەردەگیرێت، ئەوکات لەوانەیە ڕاست، یان هەڵە بێت، یان ئەوەتا وەك ئاماژە بۆ دەروونی کارکتەرەکان وەردەگیرێت، باختین ئەو وەهمەی لادرووست بوو، گوایە ڕەهەندی سێهەمی لەهونەری دایۆلۆگیدا دۆزیوەتەوە، لەهەڵەو ڕاست بەدووره، لەخێرو شەڕ بەدووره، ئەویش ئەوەیە هەموو بیرکردنەوەیەك، بیرکردنەوەی کەسێکە، بەگوێرەی ئەو دەنگەی هەڵیگرتووە دیاریدەکرێت، بەڵام بەگوێرەی ئەو ئاسۆیەی ئامانجیەتی، لێرەوە فرە تێڕوانینمان بۆ بەدەردەکەوێت، کەتێڕوانینی هەموو کارەکتەرەکانە، تێڕوانینی نووسەرە کەوەریدەگرێت، کەدان بەچینایەتی، یان زاڵکردندا نانێت، ئەمەش بەخودی خۆی ڕێژەگەرایە، ئەو ڕێژەگەرییەیە، کەبەخۆی درکی بەوە کردبوو، دایالۆگ دوور دەخاتەوە، کەواتە چۆن ڕەهەندی سێهەمی دایۆلۆگ پێکدێت!.

باختین نەیتوانی لەم دۆگماتیزمیەتە خۆی دەرباز بکات، لەوانەیە باشترین نمونە لەسەر دۆگماتیەتی ئەو، ئەو باوەڕەیە کەدەڵێت ئەفسانەی ئادەمی تەوراتی تاکە دەقێکە، ناچێتە ناو پەیوەندی دەقاندنەوە، لەگەڵ هیچ دەقێکی تردا، دەڵێت:" ئادەم تەنها دەقێکە، کەدەتوانێت دووبارە ئاراستەکردنی ئاڵووێری بەتەواوەتی لەخۆی لابدات، بەتایبەتی لەوەی تایبەتە بەگوتاری ئەویتر، کەلەرێگادا دەکەوێتەوە ناو بابەتیەتەوە، لەبەرئەوەی ئادەم لەجیهانێکەوە نزیکە بەپاکیزەی ناسراوە، کەهەرگیز قسەی لەبارەوە نەکردوە، بەهۆی گوتارێکی ترەوە بەزێنراوە.

ئەوە ئاشکرا بووە کەئەفسانەی فردەوسی سۆمەری "دیلمۆن" لەبنەمای چیرۆکی تەواراتیدا خۆی حەشارداوە،کەبەهەشتی خواوەندی تێدایەو ڕووبارەکانی پێدا تێپەڕدەبن، لەوێدا ئانکی لەبەری میووەی حەرامی خواردوە، لەسەر ئەم کارەی بەلەعنەت کراوە، ژنێکی لێیە ناوی "نین تی" یە، کەمانای حەوا دەگرێتەوە، یان ئەو ژنەی هەمیشە دەژی، هەروەها مانای خاتوونی لەپەراسوو هاتووە دەرەوەش دەگەیەنێت، چیرۆکێکی لەبارەی پەراسووەوە تێدایە بۆ پێکهێنانی حەوای تەوراتی، ئەویش پەراسوی ئادەمە، لەوێشدا باسی ئەو ژنە خواوەندانە دەکرێت، کەبەبێ ئازار منداڵیان دەبێت، کەئەو باگراوندەی حەوامان بۆ ئاشکرا دەکات، کەبەهۆی ئەو لەعنەتەوە ئەبێت بەئازارو چەرمەسەرییەوە منداڵی ببێت، بەڵام ئەم ئەفسانە سۆمەریەو هەموو ئەفسانەکانی تری سۆمەر، ناکرێت ببێتە سەرەتای یەکەمی ئەوەی نەچێتە ناو دەقاندنەوە لەگەڵ هیچ دەقێکی تردا، وەك کرێمەر دەڵێت" هەموو ئەفسانە نووسراوەکانی سۆمەر، بەگشتی میراتی ئەوگۆرانیبێژو گەڕۆکە نەخوێنەوارانە بوون، کەلەدێر زەمانەوە هەبوون، کەئامانجی یەکەمیان بریتی بووە لەوتنی یان دانانی قەسیدەی چیرۆکئامێز بۆ خواوەندەکان، کەدەشێت بنە شتێکی سەرنجراکێش و ئیلهامبەخش و دڵخۆشکەر، بەم شێوەیە ئەڵقەکە کۆتایی نایەت.

پاش ئەوەی ئەم دوو ڕێگریەمان بۆ دایالۆگ دانا، کەبریتین لەرێژەگەراو دۆگماتیزم، هەوڵبدەین بۆ ئەو دوو مەرجە بگەڕێنەوە، کەبۆ دایالۆگ پێویستن.

## هەردوو مەرجی دایالۆگ:

لەو کاتەی سەرقڵی وەرگێڕانی هەردوو کتێبی تۆینبیو ئیکیدای گفتوگۆ ئامێزی بووم بۆ سەر زمانی عەرەبی ، وتم بۆ سەرکەوتنی هەر گفتوگۆیەك دوو مەرج پێویستە، یەکەمیان پێویستە مرۆڤ لەلایەنی بەرامبەر بگات، واتە ئەوەی بەشداری لەدایالۆگەکەدا دەکات، تاکو هەقی جەوهەری بداتێ، واتە ئەوەی مرۆڤ ڕای خۆی بەجدی وەربگرێت، بەوەی ڕایەکی شیاوەو، دەتوانین گفتوگۆی لەبارەوە بکەین، فەیلەسوفی ئەڵمانی ئاو.ف. بۆلنۆف ئەم مەرجە بەم شێوەیە باسدەکات، کەدەیکاتە شێوازی:" مەرجی پێشوەختی یەکەم بۆ دایالۆگ، بریتیە لەتوانای گوێگرتن لەئەوی تر، گوێگرتن لێرەدا مەبەست لێی، لەوە زیاترە تەنها ئاماژە دەنگیەکان وەربگرین، هەروەها زیاتریش لەو تێگەیشتنەی ئەوی تر دەیڵێت، مانای ئەوەیە درك بەوە بکەم، ئەویتر ئەیەوێت شتێکم پێبڵێت، شتێك کەبۆ من زۆر گرنگە، شتێك ئەبێت بیری لێبکەمەوە، ناچارم دەکات، ئەگەر پێویست بوو ڕای خۆمی لەبارەوە بگۆڕم.

بەڵام مەرجی پێشوەختی تر بریتیە لەمتمانەی ئەویتر، مانای ئەوەیە مرۆ ئامادە بێت بۆ لێدوان لەرای خۆیو لەئازاردان نەترسێت، لاوتسەی فەیلەسوفی چینی دەڵێت "ئەگەر بەپێی پێویست متمانەت بەخۆت نەبێت، ئەوا کەس متمانەت پێناکات"، هیچ شتێك هێندەی دیالۆگ متمانەدرووست ناکات، کەئەبێتە هۆی چەسپاندنی پێشکەوتن.

ئەمەوێت ئێستا کەمێك قوڵتر بیربکەمەوە، ئەوپرسیارە جەوهەرییەش بکەم: چۆن گوێ لەوی تر بگرمو متمانەی پێبکەم، لەکاتێکدا گوێ لەخۆم ناگرمو متمانەم بەخۆم نییە؟.

دیارترین شتێك کەمرۆڤ لەبارەی متمانە نەبوون بەخۆوە، لەسەر ئاستی گشتی هەیە، بوونی دوو تیمە، کەهەر یەکەیان پشتی بەدژەیەکتری بەستوە، کەلەواقعدا هەردووکیان گوزارش لەیەك دیاردە دەکەن: یەکێك دەبینێت هۆکاری پەرنەسەندمانو ئەوەی ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین بوونی بێگانەیە لەناوماناندا، کەهەموو هەوڵێکی بۆ لەمپەر درووستکردنە لەبەردەم پەرەسەندنماندا، یەکێکی تر وایدەبینێت، کەنەتوانین ئەوەی ئەمانەوێت بەدەستی بهێنین، ئەگەر بێگانە دەست نەخاتە ناومانەوە، تاکو بەرژەوەندیەکانمان بۆ بەرجەستە بکات، هەر یەك لەم تیمانە ئەوی تر بەشتێك تاوانباردەکات، تیمێکیان دەڵێت بێگانە دەکاتە سرەوەو هەموو شەرێك دەکاتەملی ئەو، دەرئەنجام ئەمە بێگانە بێتاوان دەکاتو مەترسیەکانی فەرامۆشدەکات، تیمەکەی تر دەڵێت ئەوانی تر بروایان بەپاشکۆیی هەیەو بروای بەنیشتمان نییە، زۆر شتی لەو بابەتانە، کەتەنها جوێنو سڕینەوە دەزانێت، بەڵام هەردوو تیمەکە، هێزێکی بێگانە بەهێزێکی بەزێنەر دەزانن، کەهیچ ئیرادەیەکی خودی ناتوانێت بەرەنگاری ببێتەوە، جا یا ئەوەتا هێزی شەرە، یان هێزی خێرە، هیچ تیمێك نایەوێت لێکۆڵینەوە لەهێزی ناوخۆ بکاتو چ ستراتیژیەتێك بەکاربهێنێتو هەڵەکانی کامانەن، کەئەنجامیان دەدەین، هەروەها توانای چاککردنی بارو دۆخمان، لەناو چوارچێوەی بارو دۆخی نێودەوڵەتی ئەمێستادا، ئایا دەتوانین لەم بارە باشتر کار بکەین؟.



فرۆم

کاتێك گفتوگۆ لەسەر یەکێك لەکێشەکانی بوونمان دەکەین، جیاوازییەکان تەنها لەسەر ئەو شتانەدەبێت، کەهێشتا روویان نەداوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ئەمە روو دەدات، بەڵام ئەوەی روو دەدات مەسەلەیەکی ترە، ئەوان دیالۆگ لەسەر واقع ناکەن، کەچی دەتوانین ئاماژەی پێبدەین، لەسەر تێگەیشتن لەوەی روودەدات دیالۆگ ناکەن، بەڵکو بەهۆی لەیەکچوونی خەونەکانەوە دەکەونە کێشەوە– یان تەنانەت دێوەزمەکانەوە– کەدەست بەسەریاندا دەگرێت، لەسەر رووداوەکان جیاوازی درووست نابێت، ئەگەر بۆ خەوبین دەرکەوت ئەو واقیعە، یان ئەو رووداوە دژی خەونەکەی ئەوە، بەڵام جگە لەمەش، واقیعەکان زۆر گۆنگ نین، هیچ جیاوازییەك لەسەریان درووست نابێت، هەموو گرنگیەکان بۆ ئەوانەیە، کەروویان نەداوە، بۆ ئەو خەونەی، یان دێوەزمەی مرۆڤ تێدا دەژی، ئەوان لەم حاڵەتەدا واقع ناخوێننەوە، بەڵکو پشت ئەستوورن بەکاڵێك کەهیچ پەیوەندیەکی بەواقعەوە نییەو هیچ ئاماژەیەکیشت پێنادرێت، زۆرن ئەو کەسانەی لەم کتێبەدا فرۆم– هونەری گوێگرتن– بەنیوە بەئاگاو نیوە نوستو ناویان دەبات، ئەوان

"مادام كێشەی بوونی مرۆیی خۆیان چارەسەر دەكەن، ئەوانە نەزانن، لەو كاتەی مەسەلەكانی كردار چارەسەر دەكەن، زۆر باش دەزانن، چۆن سەركردایەتی وەردەگرن،چۆن مرۆڤ لەگەڵ خۆی ئەوانی تر فێڵ دەكات، بەڵام كاتێك مەسەلەكەدەگاتە ژیان، ئەوان نیوە بەخەبەر، یان لەنیوە كەمتر بەئاگان "خەڵكی لەخەوندا دەبینێت، مرۆیەكان لەیەكدەدەنو كەس گوێ لەوی تر ناگرێت، زۆربەیان لەجەنگێكی ناوخۆیدان، لەگەڵ خۆیاندا.

## هۆكاری گوێ نەگرتن چییە؟ گوێگرتن خەڵوەتە لەگەڵ خود:

فرۆم لەكتێبی مرۆڤ بۆ خودی خۆیدا، لەسایكۆلۆژیای رەوشت كۆڵیوەتەوە، مەرجی بوونی كۆمەڵایەتی، بریتیە لەبوون لەماڵەوە، مەرجی گوێگرتنیش بۆ ئەوی تر بریتیە لەگوێگرتن لەخوودی خۆت، مرۆڤ ئەگەر گوێ لەخۆی بگرێت، لەناو كەلتوری ئێمەدا، تووشی ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە، فرۆم دەڵێت: " مرۆڤ زۆر بەزەحمەت دەتوانێت گوێ لەخۆی بگرێت، لەبەر ئەوەی ئەم هونەرە پێویستی بەتوانایەكی ترە، كەلەمرۆڤی مۆدێرندا زۆر دەگمەنە، ئەویش ئەو توانایە مرۆڤ خۆی بەتاك بخاتەوە، ئێمە لەڕاستیدا تۆقاندنی تاكمان دروستكرد، هیچترین هاوەڵی، یان بێماناترینیمان پێباشترە، زۆرترین چالاكی كەلەمانا بەتاڵە، ئەوەیە بەخۆمان تاك ببینەوە، واهەستدەكەین لەهاوەڵێەكی گەلێك خراپداین؟. هەستدەكەم لەوە دەترسین لەگەڵ خودی خۆماندا تاك بكەوینەوە، تائاستێك ئەمە دەبێتە هۆی پەشێوی، هاوتای ئەو تۆقینەیە، كەكەسێكی ناسراو و لەیەك كاتدا نامۆ دەبینین، دەترسینو رووی لێوەردەچەرخێنین، بەم شێوەیە ئەو دەرفەتە لەدەست دەدەین، گوێ لەخودی خۆمان بگرین، لەنەزانین بەرامبەر بەخۆمان بەردەوام دەبین.

، واتە بۆ مرۆڤ ئەوە فەراهەم نییە، كەبیەوێت لەژیاندا پێشبكەوێتو بەقوڵی لەخودی خۆی بگات، ئەگەر بیەوێت لەهەموو ئەوانەی دەوروبەریو جیهان بگات، زانینی دەروونی پسپۆری نییە، لەوانەیە مەیلمان بۆی هەبێت لەوانەشە مەیلمان بۆی نەبێت، بۆ هەر هەموومان زۆر پێویستە، جائەگەر پسپۆری، یان ئاراستەی ئێمە بێت، یان نەخێر، فرۆم لەكتێبی هونەری گوێگرتندا دەڵێت: " چۆن مرۆڤ بتوانێت جیهان بناسێت، چۆن مرۆڤ بژیو وەڵامدەروە بێت، ئەگەرچی ئەو ئامرازانەی بەكاردێت، ئەوانەی بڕیار دەدەن، بەلای ئێمەوە نادیارو نەناسراو بن؟، ئێمە بەخۆمان رێنیشاندەرینو سەرۆكی ئەو (من)ەین كەوا هەڵسوكەوت دەكات، كەچۆن لەم جیهانەدا بژین، بڕیارەكان پێكدەهێنین، سەرپەرشتیاری پێداویتیە هەر یەكەمییەكان دەكەن، كەدەبێت بەهامان هەبێت، ئەگەر ئەو (من)ە، ئەو بكەری سەركی بوو، كەبڕیار دەداتو دەكات، وەك پێویست نایناسین، لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەچێت كەهەموو كردارەكانمان.

كەواتە مرۆڤ ناتوانێت لەخۆی رازی بیت، ئەگەر بیەوێت لەژیاندا پێش بكەوێتو بەقوڵی لەخۆی بگاتو لەوانەی دەورو بەری بگاتو لەجیهان بگات، ناسینی دەروون پسپۆری نییە لەوانەیە مەیلمان بۆی هەبێت، یان نەبێت، بەڵكو پێداویستیەكە بۆ هەمووومان، جاپسپۆڕیمان هەرچیەك بێت، یان ئارەستەمان چیبێت، فرۆم لەكتێبی هونەری گوێگرتندا دەڵێت:مرۆڤ چۆن بتوانێت جیهان بناسێت؟، چۆن مرۆڤ بژیو بەپێی پێویست وەڵامدانەوەی هەبێت، ئەگەر ئەو ئامرازەی بەكار دێت، كەبڕیار دەدات، بەلای ئێمەوە نەزانراوە، ئێمە رابەرین، سەركردەی ئەو "من"ەین كەبەو شێوەیە هەڵسوكەوت دەكات، وەك ئێمە چۆن لەجیهاندا دەژینو بڕیار پێكدەهێنین، ئەولەویاتمان هەیە، بەهامان هەیە، جائەگەر ئەو "من"ە ئەم بكەرە سەرەكییە كەبڕیار دەداتو دەكات، وەك پێویست نایناسین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەهەمووكرادارەكانمان، هەموو بڕیارەكانمان بەنیوە كوێری داوە، یان لەحاڵەتی نیوە بەئاگایدا، هەروەها دەڵێت:" دەرونشیكاری تەنها چارەسەرێك نییە، بەڵكو هۆكارێكە بۆ تێگەیشتنە لەخود، واتە هۆكارێكە بۆ هونەری ژیان، بەڕای من ئەمە گرنگترین ئەركە، كەدەروونشیكاری بتوانێت بیبینێت".

ئەگەر بەشەكانی ئەم كتێبە ئاراستەی سوودی شیكەرەوە دەروونیەكان كرابێت، لەهەمان كاتدا ئەوەی بۆ هەمووان كردوە، كەیارمەتیدەری هەموو كەسێك بێت شیكردنەوە بۆ خۆی بكات، گرفتی مرۆڤ چارەسەری نەشیاو نییە، بەڵام ناكرێت گاڵتەی پێبكرێت، كەرۆشنبیری ئێمەی ئەوەی تێدایە

گاڵتە بەهەندێك مەسەلەی گرنگ دەكات، كەبەرەو رووی كۆمەڵگا دەبێتەوە، بەو وەهمەی لای زۆرێك لەوان، كەچارەسەری ئاسانە، بەڵام لەراستیدا ئەوان گرفتەكان لەهەموو رەهەندەكانیانەوە چارەسەر ناكەن، لەبەرئەوەی بڕوایان بەچارەسەرێكی سیحری هەیە، كەبێگومان دێت، ئەوان گوزارشت لەبەدبەختیەكی قوڵ لەچارەسەرەی ئەوە دەكەن، مەیلی ئەوەیان هەیە هەموو هەوڵێكی جدی بۆ هەوڵدان بەسەریدا بێدەنگ دەكەنو لەگۆڕی دەنێنن، ، فرۆم لەكتێبەدا دەڵێت" هەموو هاندانێكی هەڵە كوشندەیە، ئازاربەخشە، مەگەر نەخۆشەكە لەحاڵێكدا بێت دەستمان لێی شتبێت، تائەو ئاستەی مرۆڤ ئەوەی دێتە بەرچاو كەناتوانێت تێڕوانینی بۆ هیچ هەبێت، كەهەقیەقەتی كاڵ هەبێتو هیچ سوودێكی هەبێت" هەروەها دەڵێت" ئەگەر كەسێكت هاندا، لەكەمكردنەوەی توندی گرفتەكە زیادەڕۆین كرد، ئەوا لێرەدامن هیچ ناكەم تەنها ئازاری ئەو كەسە دەدەم، زۆر بەسادەیی لێرەدا من وزەی فریتگوزاری لەدەركەوتن قەدەغە دەكەم" ئەم كتێبە بەو بیركردنەوانە زۆر دەوڵەمەندە، كەیارمەتی مرۆڤ دەدات كەگوێ لەخۆیو ئەوانی تر بگرێت، بەئەزمونو تاقیكردنەوە دەوڵەمەندە، ئەو نمونانەی وادەكات مرۆڤ بەرامبەر بەخۆی مەعریفەی هەبێتو بەرو پێش بچێت، بۆ دۆزینەوەی ئەو كارانەی مرۆڤ دەریدەبڕێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانكاریو تەندروستیو پێشكەوتن، لەوانە مەیلی توانی سەركەوتن، هەروەها یارمەتیمان ئەدات چۆن بەسەریدا زاڵ بین.

لەم پێشەكیەدا نامەوێت پێناسەیەكی تەقلیدی بدەم بەنووسەر، كەمامۆستایەكی گەورەیە لەهونەری گوێگرتندا، بەڵكو هەوڵدەدەم بەشێوەیەكی كورت، وێنایەك سەبارەت بەدەروونزانی لای ئەم بدەم، ئەویش بەبەراوردكردنی بەتیۆرەی سستمە زیندووەكان.



فرۆم

### فرۆمو تیۆرەی سستمە زیندووەكان:

شیكردنەوەی تیۆرەی سستمە زیندوەكان، لەم رۆژگارەدا لەپلەی پێشەوەی زانستدا، تێدا رێكخستنی خودی تێدا دەبینرێت، بەگوزارشتێكی تر، سەربەخۆیی خودی، كەیەكێكە لەنیشانە جیكارییەكانی ژیان، ئەم فكرەیە، لەچەندەها رستەی بركردنەوەدا پەیڕەو دەكرێت، لەسەر ئاستی خانەكانی هۆمبرتۆ ماتورنا Humberto Maturana و فریشكۆ ڤارێلا Francisco Varela، لەسەر ئاستی خێزانی خوێندنگاكانی میلانۆدا دەخوێنرێت، لەسەر ئاستی كۆمەڵگای نیكلاس لۆمان Niclas Luhman، دەخوێنرێت، لەناو ئەم هەموو بەشانەدا، زانیان سستمی زیندویان دۆزیوەتەوە،

ئەو گشتیە تەواوانەی، كەناتوانرێت بۆ تایبەتمەندی بچوكتر لەخۆیان دابخزێنرێن، ئەم تیۆرەی سستمە رێگایەكی نوێ بۆ تێڕوانینی دنیا فەراهەمدەكات، ئەم بیركردنەوەیەش بریتیە لە "بیركردنەوە لەسەر بنەمای سستام"، ئەمەش مانای وایە بیركردنەوە لەسەر بنەمای راستاو پەیوەندیو نمونەو رەوەندەكان، سستمە زیندوەكان درێژ نین —بەڵكو تۆڕێكن— بەڵام بیركردنەوەی زانستی تەقلیدی لەسەر بیركردنەوەی درێژ دامەزراوە، تیۆرەی سستەم دەڵێت ماهیەتی ژیان،

لەبەشـەکاندا خـۆی حەشـار نـەداوە، بـەڵکو لەنموونـەو رەوەنـدەکانی بەبەشـەکانەوە پەیوەسـتن، نموونـەکانی ژیـانی سـەرەکی بریتیـە لەڕێگـەی ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی لـەنێوان رەوەندە بایۆلۆژیەکاندا.

ئـەو گۆڕانکارییـەی لـەفیزیای نوێـدا زیـادەڕۆیی تێـدا دەکرێت، ئەو گۆڕانکارییە بوو، لەتێڕوانینی جیهانی فیزیایی بەو سیفەتەی کۆمەڵێك کەینونەی جیاجیـان بـۆ تێڕوانینێکـی تۆڕێکی پەیوەندی، ئەوەی پێیدەڵێین بەش بریتیە لەو نموونەیەی ئەو تۆڕە لەپەیوەندی کەڤابیلی پێداچوونەوەیە، لەبەرئـەوەی هەندێك جێگیربـوونی هەیـە، زانایـانی ئـەم تیـۆرەی سـستام بەوردی باوەڕیان بەم ڕێگایە هەیە، ئەوان دەڵـێن بوونـەوەری زینـدوو بەپەیوەنـدی بەئـەوانی تـرەوە دیـاری دەکرێـت، لەبەرئـەوەی تایبەتمەنـدی شـتەکان لەگـەڵ پەیوەندییـەکانی دەگونجێـت، تێڕوانینـی جیهـان لـەتیۆرەی ئـایکۆلۆژیو هۆلیستیدا، هۆلیستی مانای گشـتییەتە، بـەڵام ئـەم گشـتیەتە مانای هەموو بەشەکانی نییە، ئەم تێڕوانییـە لەمەنـدە زیـاترە، ئـەو بەتـەنها واتەماشـای شـتێك ناکـات، وەك هەمەکییـەك، بەڵکو ئەوەی چۆن ئەم هەمەکییە لەهەمەکییەکی گەورەتردا wholesدەچەسـپێت، هـەموو سسـتامێکی زینـدو بریتیـە، لەهەمەکی، سستامی زیندووی گـەورەترین بریتیـە لـەزەوی، ئەم کـارە دەبێتـە کـارێکی گـرنگ، بەتایبـەتی لـەو کاتـەی لەسستامە زیندووەکان دەکۆڵێتـەوە –بوونـەوەرە ئۆرگانییـە زیندووەکانو سستامی ژینگەو هتد...– بـەڵام لەوانەیـە بـۆ شتە نازیندووەکانیش بەکار بهێنرێت، جیهـان بـەر لەهـەموو شتێك بوونەوەرێکی زیندووە، سستامێکی میکـانیکی مـردوو نییە، بەڵکو سستامێکی زیندووە، زیرەکی خـۆی هەیـە، وەك گریگۆری بیتسۆن Gregory Bateson دەڵێت.

فرۆم بۆ ڕۆشنکردنەوەی هەڵوێسـتی سـایکۆلۆژی خـۆی دەڵێت: "مرۆڤ سستامە –وەك سسـتامی ژینگـەیی‌و سیاسـی، یـان سسـتامی جەسـتەو خانـە، یـان سسـتامی کۆمـەڵگاو ڕێکخراوەکان، لەو کاتەی شیکردنەوە بـۆ سسـتامی "مـرۆڤ" دەکەین، تێدەگەین ئێمە سستامی هێز چارەسەر دەکەین، نەك بونیادە میکانیکیەکانی بەشە ئاکارییەکان.

سستامی مرۆڤ وەك هـەر سسـتامێك لـەناو خۆیـدا تونـد بەیەکـەوە گرێـدراوە، بەرهەڵسـتکاریەکی گـەورە بەرامبـەر گۆڕان دەکات، جگـە لـەمـەش، گۆڕانکـاری لـەیەکەیەکـدا، کەدەڵێن هۆکاری یەکەیەکی تری ناخواسـتراوە، لەسسـتامی هەمەکیەکەیدا هیچ گۆڕانکارییەك روونادات.

لـەسەر بنەمای ئەم تێگەیشـتنە، فـرۆم مەبەسـتیەتی بڵێـت مرۆڤ سستامێکە لـەتۆڕێك لـەسستامدا، ، لـەبەرئـەوە جـەخت لەشـیکردنەوەی بونیـادی تایبـەتی بـۆ هـەر کۆمەڵگایـەکی نـاوبراو دەکاتـەوە، ئەمـەش هـەر یـەك لەفرۆیـدو یـۆنگ نەیانکردوە، فرۆم لەهونەری گوێگرتندا دەڵێت" بـەڕای مـن شـیکردنەوەی کۆمەڵایـەتی‌و شـیکردنەوەی تاکەکەسـی، ناکرێت لەیـەك جیابکرێنـەوە، ئەمانـە بەشـێکن لـەتێڕوانینی ڕەخنەیی بۆ واقعی ژیانی مرۆڤایەتی". لەلێکۆڵینەوە لەبونیادی کۆمەڵایەتی، فرۆم جەخت لـەگرنگی هۆکـارە کۆمەڵایـەتی‌و ئابووری‌و سایکۆلۆژیەکانو نموونە ڕۆشنبیریەکان دەکاتـەوە، لەڕۆڵی ئارەستەکردنانەی ئـەوەی بـە"مـۆرکی کۆمەڵایـەتی" ناودێری دەکات، لەپێکهاتەی مۆرکی تاکەکەسیدا، دەبینێت کەدەروونشیکار نابێت بەتـەنها بەخوێنـدنی سـایکۆلۆژیا بـۆ تێگەیشتنی مرۆڤ واز بهێنێت، لەم کتێبەدا دەڵێت: " میتـۆدی مەشـقکردن لەسـەر دەروونشـیکاری، پێویسـتە لێکۆڵینـەوە لەمێـژوو لـەخۆ بگرێـت، هـەروەها مێـژووی ئـایین‌و ئەفسانەکانو ڕەمزیەت‌و فەلسەفەش، واتـە هـەموو بەرهەمـە سەرەکییەکانی هزری مرۆیی"، ئامۆژگاری دەروونشیکارەکان دەکات، کەلێکۆڵینەوە بۆ هەندێك دەقی ئەدەبی بکەن، وەك کارەکانی بـەلزاكو دوسـتۆ یڤسـکی‌و کافکـا، کـەتێڕوانینی قـوڵی بـۆ قوڵاییـەکانی مـرۆڤ تێدایـە، کەلەنووسـینەکانی دەروونشیکاریدا نایبیننەوە، دەڵێت " ئـەوەی دەرونشـیکاری دەتوانێـت بیکـات، ئـەبێت ئـەوە بکـات کەپەیوەسـتە بەتاکەکانەوە".

ئەم تێگەیشتنە بۆ مرۆڤ لەسەر بنـەمای سسـتام والـەفرۆم دەکـات، لەدەروونشـیکاری کلاسـیکی خـۆی دابڕانبێـت، کەتەنها بەچارەسەری هەندەکییەوە خۆی کورتکردووەتـەوە، وەك لەمەسەلەی دڵەڕاوکێدا هەیـە، کەبریتیـە لەنەخۆشـی سەردەم، فرۆم لەهونەری گوێگرتنـدا دەڵێـت:" بـەڕای مـن دەرونشیکاری بەمانا کلاسیکەکەی بۆ ئەم شێوەیە لەنەخۆشی بەس نییە، داواکراو شـێوەیەکی جیـاوازە، لەبەرئـەوەی ئـەم نەخۆشـیە هاوتـای مەسـەلەی گۆڕانکـاری ڕیشـەییە لـەناو

کارەکتەری هەمەکیدا، ناکرێت، بۆ ئەوانەی ئەم نەخۆشییەیان هەیە، بەسەرکەوتوویی شیکردنەوەیان بۆ بکرێت بەبێ گۆڕانکاری ریشەیی و بەبێگۆڕینی مۆرکی خۆی، گۆڕانکارییە کەسیەکان -یان سستامیەکان- سستام، واتە کۆی هەموو هەندەکیەکان نییە، بەڵکو بوونیادە"، هەروەها دەڵێت: "ئەگەر مۆرڤ لەم ژینگەیەدا گۆڕانکاری کەمی بەسەردا هات، ئەوا زۆر ناگۆڕێت، لەنمونەیەکی سادەدا دەڵێم: بیرکردنەوەیەکی بەربڵاو هەبوو، گوایە ئەگەر بارودۆخی گەڕەکێکی هەژار بەدرووستکردنی خانووی باشتر، چی لێبەسەر دێت؟، ئەوە پاش سی یان پێنج ساڵ رۆڵی ئەو خانووە نوێیانە، وەك رۆڵی خانووە کۆنەکانی لێدێت، لەبەرچی؟، لەبەرئەوەی پەروەردەکە بەهامان شێوە مایەوە، هەروەها داهاتیش هەر وەك خۆی مایەوە، تەندروستیش هەر وەك خۆی مایەوە، نمونە رۆشنبیریەکانیش هەر وەك خۆیان مانەوە، واتە سستام لەسەر ئەو گۆڕانکارییە بچوکە گەشەدەکات، ئەمەش نمونەیەکی بچوکە، کەپاش ماوەیە لەسستامی هەمەکیدا تێکەڵاو دەبێت، ناتوانن گەڕەکێکی هەژارنشین بگۆڕن، ئەگەر هەمەکیەتی ئەو شوێنە نەگۆڕن- ئەگەر لەهەمان کاتدا داهات و تەندروستی و پەروەردەو بژێوی هەموو خەڵکتان گۆڕی، ئەوکات رۆڵەکەشی دەگۆڕن، بەڵام ئەگەر تەنها یەك بەشتان گۆڕی، ئەمە بەس نییە، ئەم ناتوانێت بەرەنگاری سستامی -ئەگەر ئەم قسەیە راست بێت- گرنگی بە زیندوو مانەوەی خۆی دەدات".

زیاتر دەڵێت" بەهەمان مانا ناك سستام یان ژینگە، ئەگەر ویستان گۆڕانکاری کەم بکەن، ئەوا بەخێرایی دەبینن ئەم گۆڕانکارییە پاش ماوەیەك نامێنێت، لەبەرئەوەی لەهەقیقەتدا هیچی نەگۆڕیەوە، گۆڕانکاری لەئاڵوگۆڕی سەرەکی لەسستامی کەسایەتیدا درووست ناکات، لەوانەش لەوانەیە بیرکردنەوەشت بگرێتەوە، هەروەها کارکردنت، هەستت، جوڵانەوەت و هەموو شتێکت، یەك هەنگاو کەتەواو کامڵ بێت و هەمەکی بێت، زۆر باشترە لەدە هەنگاو کەتەنها بەیەك ئاراستە هەنگاو دەنێت، ئێوە ئەمەش بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینن، کەیەك گۆڕانکاری هیچ کاریگەرییەك درووست ناکات".



فرۆید

فرۆم لەگەڵ تیۆرەی فرۆید جیاوازی هەیە، کەلەبنەمادا غەریزەییانە دێتە پێش چاو، واتە ئەوەی هەموو شتێك لەسەر بنەمای غەریزە پێکهاتووە، هەروەها گومانی تێدا نییە، چۆن ژینگە هاوسێی غەریزە بووە لەبواری مۆرکەوە، بەهۆی چەندەها هۆکاری پێکهاتەییەوە لەفرۆید جیاوازترە، واتە هۆکارە بۆماوەییەکان، کەبەپێی تیۆرەی لیبیدۆ، ئەمانە هۆکاری غەریزین، فرۆم دەبینێت هۆکارە پێکهاتییەکان، زۆر لەمە واوەتر دەچن، ئەی سەبارەت بەنەبوونی شیکاری تر بۆ کۆمەڵگاو تێگەیشتن لەرەمزیەت چیدەکەیت، هەروەها چەندەهای تریش، ئەمە چۆن بەدەر لەئاراستەکردنی بیرکردنەوە چینی دەسەڵاتی باڵادەست بەسەر ژن و منداڵدا، بووە هۆی لادانێکی گەورە لەچارەسەر لای ئەو.

لەتیۆرەی سستامی زیندوو لەهەشتەکانی سەدەی رابردووەوە، چەمکی "توانای خۆچەسپاندن" دەرکەوت، کەئێستا رۆڵێکی باڵادەستی هەیە، ئەوەی دەبێتە هۆی پتەوکردنی سستامی خۆچەسپاندن، ئەویش گەشەکردن و

پەرەسەندنی ئابوورییە، بەڵکو ئەمە تۆڕی هەمەکی ژیانە، کەمانەوەی درێژخایەنی ئێمەی لەسەر وەستاوە، بەواتایەکی تر، مەبەستی ئەوەیە گروپ توانای خۆچەسپاندنی هەیە، بەشێوەیەك ڕێگەی ئەو لەژیانو ئابووری لەبەرانبەری ناوەستنەوە، هەروەها بونیادو تەکنەلۆژیا مادییەکانی، لەگەڵ توانای ڕەگداکوتاوی لەسروشتی خۆچەسپاندنی ژیان.

فرۆید چەمکی ئەقڵ بەهاوشێوەی توانای خۆچەسپاندن بەکاردەهێنێت، کاتێك قسە لەسەر پاڵنەرو خواستە ئەقڵیەکانو ئاکاری ئەقڵی دەکات، لەهونەری گوێگرتندا:" ئەقلانی هەموو ئەو کارو ئاکارانەیە، کەدەبێتە هۆی گەشەی بونیادو بالاکردنی، نائەقڵیش هەموو کارو ئاکارانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشەی قەوارەو بونیادەکەو لەناوی دەبەن، جائەو قەوارەیە رووەك بێت، یان مرۆڤ، ئەم کارانە بەهۆی تیۆرەی داروینەوە پەرەی سەندوە، تاکو ببێتە لایەنێکی ئامان بۆ بەرژەوەندی تاكو جۆرو مانەوەی لەژیاندا، بنەماکانی بەرژەوەندی تاكو جۆری بەپیت دەکات، لەبەرئەوە ئەمە ئەقڵییە، خواستی سێکسی ئەقڵییە، برسیەتیو تینویەتی تەواو ئەقڵین. "لێرەدا ئەقڵ بریتی نییە لەئەقڵی هۆکاری، بەڵکو لەچەمکی هوایتهدەوە بۆ ئەقڵ نزیکە، وەك فرۆم دەڵێت: "ئەرکی ئەقڵ بریتیە لەبالاپێکردنی ژیان" ئاشکرایە فرۆم بەبێپشتگوێخستنی بەرژەوەندی جۆر گەیشتووەتە زاراوەی هەمەجۆر، تائەوەی تیۆرەی سستام پاش مردنی پێگەیشتووە، بەتایبەتی لەو کاتەی پێناسەکەی لیستر براون Lester Brown بخوێنینەوە لە" پەیمانگای چاودێری جیهانی، بۆ چەمکی توانای خۆچەسپاندنە، بریتیە لەو کۆمەڵگایەی پێویستیەکانی خۆی تێر دەکات، بەبێئەوەی لەتواناکانی نەوەی داهاتوو کەم بکاتەوە".

دامەزراندن لەسەر ئەمە مرۆڤ خاوەنی سۆزگەلێکە قابیلی خۆچەسپاندنە، یان خاوەنی ئەقڵێکە ژیان شکۆ دەکات، ئەویش بەپێی زاراوەکانی فرۆم، هەروەها سۆزە نائەقڵیەکان، لەم تێگەیشتنەوە جیاوازی لەگەڵ فرۆید دروستدەبێت، لەسەر چەمکی دەمارگیری، کەکیشمە کێشە لەنێوان غەریزەو مندا، بەڵام فرۆم دەبینێت" گرفتە سەرەکییەکە تەنها بەرەنگاربوونەوەی منی سۆز نییە، بەڵکو بەرەنگاربوونەوەی جۆرێکە لەسۆز بۆ جۆرێکی تر لەسۆز"، هەروەها فرۆم وەك

کارێکی بێپێشینە لەدەمارگیری پیسو ناپیسدا جیکاری دەکات، مانای بیرکدنەوەی دەماگیری پیس بارو دۆخی دەکارگیرە کەتێیدا بونیادی مۆرك تێیدا زیانمەندە، کەسی خاوەن دەماگیری ناپیس، یان سووك هەوڵدەدات، ئەگەر لەبنەمادا سۆزی پیس دەستی بەسەردا نەگرتبێت، بەڵکو دەماگیریەکەی لەدەرئەنجامی شۆکی توندی دەروونیەوە بێت، فرۆم ئەمە لەم کتێبەدا بەتەواوەتی روون دەکاتەوە.

تیۆرەی سستامی زیندوو جەخت لەوە دەکاتەوە، کەسستامی زیندوو هەمەکیەکی تەواوە لەگەڵ تاکگەرییەتی، خاوەنی کێشەیەکە بۆ جەختکردنەوە لەخودی خۆیو پاراستنی ئەو تاکگەرییە، ئەویش بەو سیفەتەی بەشێکە لەهەمووی گەورە، کەپێویستی بەخۆتێکەڵکردنە، لەگەڵ ئەو هەمووە زۆرەدا، زۆر گرنگە لەوە بگەین، کەئەم دوو کێشەیە زۆر رکەبەرو دژبەیەکن، ئێمە پێویستمان بەهاوسەنگیەکی داینامی نێوانیان هەیە، کەبنەمایە بۆ تەندروستی جەستەییو هزری.

هەر کەسێك کتێبەکانی ئەریك فرۆم بخوێنێتەوە، دەبینێت خولیای تەوەرەیی لای بریتیە لەئازادی مرۆڤی تاكو کۆمەلایەتیبوونەکانی، دابڕانو پەیوەستبوونەکانی، شێوەکانی ئەم پەیوەستبونە، دەبینێت کە "تاکە شێوەیەك لەپەیوەستگرتن نابێتە هۆی ڕێگریی لەگەشە، نابێتە هۆی پێکدادان یان بەفیڕۆدانی وزە، ئەمەش بریتیە لەخۆشەویستی پێگەیشتو، کەبەمە ئاماژە بەگەرمو گوڕی تەواوی نێوان دوو کەس دەدەم، کەهەر یەکەیان سەربەخۆبوونی خۆی دەپارێزێت، بەمانایەك لەماناکان واتە دابڕانی، خۆشەویستی لەجەوهەریدا پێکدادانی نییەو نابێتە هۆی لەدەستدانی وزە، لەبەرئەوەی دوو پێویستی قوڵی مرۆیی یەکدەخات، ئەوانیش بەردەوامیەتیو سەربەخۆبوونە.

## کەلتوری زارەکی:

ئەوەندە ماوە بڵێین، ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبانەی، لەپاش مردنی ئەریك فرۆم بلاو بووەتەوە، کەهەندێك زانایانی دەروونناسی لەقوتابیەکانی فرۆم بلاویان کردووەتەوە، ئەویش بەوەرگرتنی لەو وانانەی بەقوتابیەکانی دەدا، بەبێ ئەوەی ئەسڵێکی نوسراوی هەبێت، ئەم چاکەیەش بۆ ئەو زانایانە

دەگەڕێتەوە، کەویستیان نەوەکانی داهاتوو لەکەلتوری فرۆم سودمەند بن، ئەگەر ئەوان نەبونایە، ئەوا هەرگیز ئەم کتێبە نەدەبوو، لەم بارەیەوە، تاکو ئێستا فرۆم چەندەها کتێبی هەیە، لەوانە: " خۆشەویستیو پاڵنەر سێکسیەکانو سستامی ماتریاریکی: سەبارەت بەجەندەر"، هەروەها " هوونەری بوون""الوجود"، ئەم کتێبەی بەردەستمان، کەبریتیە لەهونەری گوێگرتن، دکتۆر راینز فۆنك Rainer Funkبۆ چاپ ئامادەی کردوە، لەزانکۆی میونخ لەئەڵمانیا، ئەویش بەپشت بەستن بەتۆمارکردنی ئەو وانەو ئەڵقە لێکۆڵینەوانەی بەزمانی ئینگلیزی داوینی، ئەو هەستاوە بەدانای بەشەکانو ناونیشانەکان، ئەویش بەدەر لەناونیشانی دوا بەش، کەفرۆم خۆی دایڕشتوە.

لەکەلتووری عەرەبیدا لەڕێگەی گێڕانەوەوە زۆرێك لەدانراوەکانمان دەستکەوتوە، بەڵکو زۆربەی کتێبەکانی کەلتوور لەم ڕێگەیەوە پێمان گەیشتوە، وەك کتێبەکانی "الامالی" بۆ ئەبی علی القالی، هەروەها "امالی الشجری"و "فضل الکلاب علی کثیر ممن لبس الثیاب" لابن المزربان، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایەدا، کەئەوانەی دووبارە نووسیویانەتەوە، کەمو زیادیان بۆ ئەم کتێبانە کردوە، بەڵام ئەم کارە ئێستا جیاوازی هەیە، کەلتووری زارەکی فرۆم، بەدەنگی خۆی تۆمارکراوەو لەدامەزراوەیەکی فەرمیدا پارێزراوەو هەر دیکۆمێنتێك خاوەنی ژمارەیەکە، بۆ ئاسان بەکارهێنان، لەبەرئەوە توانیوویەتی نووسینەوەو دیاریکردنی بەشەکانی ئەم زانا ناوادارە بکات، وەك لەپێشەکییەکەدا دەڵێت روونکردنەوەکانی خۆی جودا کردووەتەوە، کەئەم زانایە دوو کتێبی دەربارەی ئەریم فرۆم هەیە، یەکێکیانت بەتەنها خۆی نووسیوویەتی، دەووەمیان بەهاوبەشی لەگەڵ دوو زانای دەروونی تردا، کەبریتین لە ئایان بۆرتمانIan Portman و مانوێلا کۆنکڵ ،Manuela Kunkel، چاپی یەکەمی ساڵی 2000 کەوتە بازاڕەوە بەناونیشانی ئەریك فرۆم: ژیانو بیرکردنەوەکانی.

دکتۆر راینر فۆنك دەرفەتێکی بەنرخی پێداین، کەپاش ئەو هەموو ساڵەی بەسەر ئەو قسە وتراوانەدا تێپەڕی، بیرکردنەوەو ژیانی دەوڵەمەند کردین، کەئێمە ئێستا گوێ لەم مامۆستا گەورەیە دەگرین، لەکتێبی "هونەری گوێگرتن"دا، ئەبێت خوێندکارەکانی چەند بەختەوەر بووبن، کەگوێیان لێدەگرت